# لەشانۆدا دەمێنمەوە!!

## دیدارێك لەگەڵ شانۆكاری گەورەی عیراقی (د.سامی عەبدولحەمید)




دیداری: گۆران عەلی كەریم-بەغداد

سامی عەبدولحەمید یەكێكە لەدیارترین شانۆكارو هونەرمەندە ئەكادیمییەكانی عیراقو ناوچەكە، ناوبانگی ئەم هونەرمەندە لەلای شانۆكاران لەوە زۆرترە بەم پێشەكییە كورتە بەخوێنەری بناسێنین ئەمەندە هەیە ئەم هونەرمەندە لەپاڵ ئەزموونە گەورەكانی لەبواری نواندنو دەرهێنانو وەرگێڕانو لێكۆڵینەوەی شانۆیی یەكێكە لەو مامۆستا دیارانەی ئەكادیمیای هونەرە جوانەكانی بەغدا كە لەسەر دەستی ئەم سەدان شانۆكاری دیار پێگەیشتوونو زۆربەی شانۆكارە ئەكادیمییەكانی ئێمەش قوتابی ئەم هونەرمەندەن لەبەر ئەم هۆیانە بەپێویستمان زانی ئەم دیالۆگە لەگەڵ ئەم هونەرمەندەدا ساز بكەین:

***مامۆستا سامی تۆ لەسایتی (المسرحیون) بابەتێکت بڵاوکردۆتەوە باس لەوە دەکەیت کە نوێگەری لەشانۆدا لەدایك بوونی ئەوروپایە، ئایا هونەری شانۆ بەشێوەیەکی گشتی لەدایك بوونی ئەوروپایە؟**

—شانۆ کە مومارەسەیەکی دونیایە بەپلەی یەکەم لەئەوروپاوە سەری هەڵداوە، هەروەها مێژوونووسان سەرەتای مێژووی شانۆیان گەڕاندۆتەوە بۆ یۆنان. لەبەر ئەوەی شانۆی یۆنانی یەکەمین گۆڕانکاری کردووە لەشانۆدا. شانۆی لەمومارەسە سروتیەکانو دینییەکانەوە گۆڕیووە بۆ مومارەسەیەکی دونیای یەکەم کەسیش بوون کە شوێنی تایبەتیان بەشانۆ دروست کردووەو جیاواز لەپەرستگاو شوێنی ئاینی. راستە شارستانیەتی (دۆڵی رافیدینو دۆڵی نیل) شێوازێکی شانۆی بەخۆوە دی، بەڵام هەموو ئەو مومارەسانە لەسەر ئاستێکی ئایینی بووە نەك لەسەر ئاستێکی مەدەنی یان دونیایی. ئەگەر مێژووی شانۆ بخوێنینەوە ئەوا دەبینین یەکەم کەس کە شانۆی داهێناوە ئەوروپیەکان بوون. (ئەرستۆ)ی یۆنانی یەکەم کەس بوو کە تیۆری بۆ هونەری شانۆو دراماو تراژیدیاو..هتد داناوە. لەکتێبە بەناوبانگەکەی بەناوی (هونەری شیعر).

***کەسانی وەك (ئانتۆنین ئارتۆ)و (یوژینۆ باربا)و چەندین شانۆکاریتر دەگەڕێنەوە بۆ ناو سروتو سەماو کەلتوری رۆژهەڵاتی، ئەی ئەوان دەگەڕێنەوە بۆ ناو کەلتورو شانۆی رۆژهەڵاتی؟**

—ئەوەی دەبێتە مایەی سەرسوڕمان لای من، بۆچی شانۆکارە ئەزمونگەرییە ئەوروپییەکان دڵبەندن بەشانۆی رۆژهەڵاتی. لەئەنجامی خوێندنەوەی خۆمەوە لەو باوەڕەدام ئەو دڵبەندییەی شانۆی ئەوروپی بۆ شانۆی رۆژهەڵاتی بگەڕێتەوە بۆ لایەنە روحییەکەی چونکە ئاشکرایەشانۆکارانی ئەوروپی پشت دەبەستن بەلایەنە مادییەکەی. لەگەڵ ئەوەی ئەکتەری شانۆی رۆژهەڵاتی وەك (کابوکیو نوو وهندی) لەشانۆدا لەسەر بنەمای روحی کار دەکەن بەڵام ئەکتەری شانۆی ئەوروپی پشت دەبەستن بەلایەنی مادی زۆرتر لەوەی پشت ببەستن بەلایەنی روحی. لەو بڕوایەدام کە ئێستاش شانۆی رۆژهەڵاتی پشت بەستە بەسروت. سروت سەرچاوەی یەکەمی ئەفسانەو میتۆلۆژیایە لەگەڵ ئەوەی شانۆی رۆژئاوای دوورە لەو لایەنە سروتیانەوە، بەڵام من رەخنە لەشانۆی رۆژهەڵاتی دەگرم چونکە شانۆی رۆژهەڵاتی شانۆیەکە یەك جۆرە، لەگەڵ ئەوەی بەردەوام ئەزموونگەرەکان دەگەڕێن بەشوێن شتی نوێدا. بەڵام بۆچی شانۆی رۆژهەڵاتی پەیوەستە بەو یەك جۆرییەوە لەگەڵ ئەوەی بواریتر زۆرە بۆ ئەزموونی کارکردن.

***ئایا پرۆسەی گەیشتن بەروحیەتی ئەکتەر بەتەنها بەسە بۆ ئەکتەر لەشانۆی رۆژهەڵاتیدا، کاتێك تۆ باسی میتۆلۆژیاو حاڵەتی روحیەتی ئەکتەر دەکەی بێجگە لەشانۆی (کابوکیو نوو) ئێمە شانۆیەکی ترمان نیە بنەمایەکی قوڵی هەبێ یان لەسەر پرۆسەیەکی عەقڵانی دامەزرابێ؟**

—ئەو قسەیەت راستە، تەنها شانۆیەك پارێزگاری کردبێت بەکەلتورو رەسەنایەتیەوە شانۆی رۆژهەڵاتیە وەك (کابوکیو نوو ئوپێرای پەکین) ئەمانە تەنها نموونەیەکن لەبەر رەسەنایەتی خۆیانەوە مابێتنەوە لەگەڵ ئەوەی شانۆی رۆژئاوایی زۆر دوورە لەرەسەنایەتیەوە ئەویش بەهۆی ئەوەی کە لەهەموو سەردەمێکدا شێوازێکی تازەو هونەرێکی تازەیان دۆزیوەتەوە، بەدڵنیاییەوە داواکارییەکانیان دەگۆڕێت بەپێی نمایشێکی نوێ هەروەها نوێگەری بەستنەوە بەڕابووردووە دەپچڕێنێ، بەڵام دەبینین هونەرمەندو رەخنەگر (مگروخای گوریلیك) لەکتێبی (شانۆی تازەو شانۆی کۆندا) ئەوەمان بیردەخاتەوە کە هەموو شتێك لەشانۆی نوێدا بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ شانۆی کۆن.

***نوێگەری بۆ شانۆ یان چاخی نوێگەری شانۆ هاوکاتی پێشکەوتنەکانی تووشی نەبوونی یان کەم بوونەوەی بینەر بوو، چونکە لەسەردەمەکانی پێش نوێگەری شانۆ خاوەنی بینەرێکی فراوان بوو، بەڵام ئێستا شانۆ ئەو بینەرە فراوانەی نەماوە. ئەمەش تا چەند پەیوەندی بەو ئاراستە جیاوازەوە هەیە کە شانۆ لەم رووەدا بەخۆیەوە دیووە. چونکە زمانی شانۆی نوێگەری ئاراستەیەکی جیاوازی تایبەتی خۆی هەیە؟**

-ئەوە راستە کۆمەڵگا گۆڕاوە، سروشتی کۆمەڵگاو سروشتی پەیوەندی تاک بەکۆمەڵگاوە گۆڕاوە پەیوەندی تاک بەتاکەوە گۆڕاوە من باوەڕم وایە کاتێك (سۆفلیکس-اسخیلوس-یورپیدس) دەقەکانیان نوسیووە شانۆییەکانیان باس لەگێڕانەوەو پیاهەڵدان دەکات بەمەش بینەر توانیوویەتی ئەوکاتە بەتاڵەی کە هەیانە بەمزاجەوە بچن بۆ بینینی شانۆییەکان. بەڵام بینەری ئێستا نایەت کاتێکی زۆر بۆ نموونە دوو سەعات گوێ بگرێ لەبەلاغەی زمانەوانیو هیچ زانیاریەکی تایبەتیشی وەرنەگرێ، وەرگر گۆڕاوە وەرگری ئەو کات لەگەڵ وەرگری ئێستادا گۆڕاوە، ئەوکاتە مرۆڤ کاری کەمتر بوو لەئێستا نەك بەتەنها کاری ئیشکردن بەڵکو کاری بیرکردنەوەشی، ئێستا مرۆڤ مێشکی پڕە لەبڕبڕە لەزانیاری گشتی پڕە لەکێشە وە ناتوانێ ئەو پیاهەڵدانو پیاهەڵدانی بەلاغیە وەربگرێت، مرۆڤ دەیەوێ لەئێستادا بەخێرایو بەکمترین ووشە زانیاری وەربگرێ.

***واتا تۆ ئێستا کاری شانۆی بکەیت کار بۆ بینەر دەکەیت ئایا کار بۆ خوێندنەوەو عەقڵی بینەر دەکەی یان کار بۆ ئاستی رۆشنبیری شانۆ دەکەیت، ئەگەر تۆ لەئێستادا بڕیار بدەی کارێکی شانۆی بکەیت دەچیت ئەو دەقە هەڵدەبژێریت کە زۆربەی بینەران بەدڵیانە؟**

-من ئەوە زۆر باش دەزانم وە شانۆکارانو ئەکادمیەکانیش بەتایبەت ئەوە دەزانن کە شانۆ بۆ بینەر نیە، شانۆ چەپڵە نیە.. شانۆ بۆ کەسانێکە کە چێژ لەو هونەرە وەردەگرن، هەروەکو ئەوەی کە چێژوەرگرانی سەمفونیا کەمنو چێژوەرگرانی موزیکی میللی زۆرن بۆ نموونە موزیکی (رۆك) زۆرن نەك تەنها لەئەوروپاو ئەمریکاو بەڵکو لەهەموو جیهاندا لەگەڵ ئەوەشدا چێژوەرگرانی (بیتهۆڤن) زۆر زۆر کەمن بەهەمان شێوە لەهونەری شێوەکاریشدا کەمە. زۆرترین بینەران ناتوانن چێژ وەربگرن لەتابلۆکانی (بیکاسۆ سیزانو ڤان کوكو سلڤادۆر دالی) بەڵکو بینەرێکی تایبەتیان هەیە، شانۆش بەهەمان شێوە هەموو کەس ناتوانێ چێژی لێوەر بگرێو لێی تێبگات، چونکە پشت دەبەستێ بەبیروسروتو جوانیو کاری نموونەیی، پشت نابەستێ بەشتی ئاسانو ساکار. وە بەشێوەیەکی گشتی خەڵکی بێتو بڕوا ئەوە شانۆ نیە، شانۆی راستەقینە فێربوونەو خوێندنەو کرانەوەیە بۆ زانیاری درۆ ناکەین بۆ هەموو کەسە بەڵام پێویستە بینەر بگەیەنینە ئاستێکی زۆرتر، بینەر زۆرتر بکەین بۆ شانۆکەمان، ئەگەر هاتوو شانۆ بەشێوەیەکی چالاكو بەردەوام بوو لەهەر جێگایەکدا لە(ئینگلتەرا لەفەرەنسا لەمۆسکۆ) بێگومان بینەر ئامادەی دەبێ لەشانۆییەکانی (چیخۆفو ئیسنو بیراندلۆو یوجین ئونیلو..هتد) بەڵام رەنگە لەووڵاتێك زۆرتر بینەر هەبێ وەك لەووڵاتێکیتر، ئەمەش بەهۆی چالاکیو ئاستی هوشیاری ئەو شوێنەوەیە بۆ نموونە رەنگە لەفەرەنسا بینەر زۆر بێت.

گرنگی شانۆکاران لەوەدایە کە چۆن بوونی وەرگیری شانۆی زۆرتر دەکەن وە بەتەنها بیر لەنوغبەو نوغبە نەکەنەوە یان چەپڵەی نوغبەکان، بەڕاستی هەندێ دەرهێنەر هەیە لەهەوڵی ئەوەدان کە ئاستی بینەر بەرزبکەنەوە رەنگە هەندێکیان سەرکەوتوو نەبنو هەندێکیان سەرکەوتووبن، بۆ نموونە کەسێکی وەك

(ماکس راینهارت) کاتی خۆی لەهەوڵی ئەوەدا بوو کە بینەر بۆ شانۆ پەیدا بکات لەهەندێ کاری سەرکەوتوو لەهەندێکی تریدا سەرکەوتوو نەبوو.

***(برتولد بریخت)یش یەکێك بو لەو دەرهێنەرانەی کە هەوڵیدا زۆرترین بینەر بۆ خۆی پەیدا بکات ئەویش بەهۆی بیری شۆڕش و شانۆکەیەوە؟**

-گەورەترین دەلیل بۆ ئەم قسانەمان ئەوەیە کە تۆ ئێستا وەك نموونە هێنانەوە (برتولو بریخت) شانۆییەکانی بۆ زۆرترین چین نووسیوە بۆ چینی کرێکاری نووسیوە ئەیویست لەڕێگای شانۆوە شتیان فێر بکات و ئاراستەیانی بکات لەگەڵ ئەوەشدا من بڕوام وایە کە ئەوانەی ئامادەبوون بەتەنها چینی کرێکار نەبوون بەڵکو چینی بۆرژوازیش ئامادەی بینینی نمایشەکانی بریخت بوون، بۆیە ناکرێ ئێمە بەو تێگەیشتنەی خۆمانەوە کارەکانمان بۆ هەموو بینەرێك بێت.

***بەڵام کەسێك وەك (یوژینوباربا) دەچێ شانۆییەکانی لەناو گوندەکان نمایش دەکات یان زۆر لەدەرهێنەرە گەورەکانی جیهان ئەوان دەچن بۆ ناو بینەران و نمایشەکانیان پێشکەش دەکەن؟**

-پرسیارەکەت راستە، شانۆی ئەزمونگەری بەتایبەت پێیان وایە بینەر کارەکانی ئەوان وەرناگرێ لەبەرئەوە هاوکێشەکە لای ئەوان پێچەوانە دەبێتەوە بەرلەوەی بینەر بێت بۆ لای ئەوان ئەوان دەچنە بەردەم بینەر ئەیانەوێ بینەرەکەیان زۆر بێت.

***رەخنەگران و زۆربەی شانۆکاران پێیان وایە کە تۆ ئەکتەرێکی شانۆی ریالیزمیت ئایا بەڕاست تۆ کەسێکی لەناو شانۆی ریالزمدا کاردەکەیت؟**

-من ریالزمی نیم کارەکانی من زیاتر وەك دەرهێنەرێکی ئنتقائی کاردەکەم دەرهێنەرێکی ئنتقائی شێوازێکی گونجاو بۆ هەموو شانۆییەك، بۆیە دەبینی رێچکەی کارەکانم لەریالیزمیەوە درێژدەبێتەوە ئەوانەی لەبیرم بێت لەشانۆییەکانم یەکەمین دەرهێنانم لەشانۆی واقعیدا شانۆی (ئەو پیاوەی کە ژنێکی لاڵی هێنا) لەنووسینی (ئاناتوس فرانس) ئەمە لەپەنجاکاندا. لەشانۆی ئەبسۆردا چەندین شانۆم دەرهێناوە وەك (سانسۆری باڵا)و (رەش پێستەکان) لەنووسینیان (ژان ژینیە)و (برسێتی و تینوێتی) (یوژین یونسکۆ)و لەشانۆی (داستانی - ملحمی)دا ئەم شانۆیانەم دەرهێناوە شانۆی (نامۆو گەلگامێش)و لەشانۆی گوزارشتیدا (تعبیری‌دا) شانۆی (ئاژەڵە شوشەییەکان)ی (تنس ولیامز)و کارێکی (یوجین ئۆنیل)و بەو شێوەیە من بەجیاوازی کارم کردووە.

***هاوکات لەگەڵ ئەو رێبازە جیاوازانەی کە ناوت بردوو کارت تیاکردووە ئەو جیاوازیە چییە لەنێوان ئەو رێبازانەدای کاتێك لەشانۆی ریالیزمیدایت چ ئامادەبوونێکت هەیەو یان کە لەناو شانۆی تازەگەریدایت.**

-من بیر لەشێوازی پێشەکی ناکەمەوە، بیر لەشێواز ناکەمەوە بیر لەدەق دەکەمەوە، ئەوەی کە بزوێنەری ئەندێشەمەو رامدەکێشێ بۆ لای خۆی یان بۆ لای رێبازو شێوازە جیاوازەکان دەقە. بەردەوام مرۆڤ کێشەی مرۆڤ سێبەری مرۆڤ بەپلەی یەکەم دەست نیشان دەکەم. بەتایبەت ئەو بابەتانەی لەدەقدا هەن، بەڵام فۆرمی کارکردن مەرج نیە لەفۆرمی دەق و شێوازی پێشنیاری نوسەر بچێ، دیارە کە زۆربەی کارەکان جیاواز بووە لەستایلی دەق و بەشێوازێکی جیاواز کارم تیاکردووە لەسەر ئاستی بینینی خۆم، من لەو باوەڕەدام کە دەرهێنەر نوسەرێکی نوێیە بۆ دەق بۆیە من هەروەکو ووتم من بیر لەشێواز ناکەمەوە یەکەم شت بیر لەناوەرۆك دەکەمەوە دوای شێواز دروست دەبێ، واتە ئەگەر هاتوو (ماڵی بەرناردا ئەلبا)ی شاعیری

ئیسپانی (لورکا)مان هەڵبژارد. بەپلەی یەکەم ئازادی ژنان رام دەکێشێ، پاش بیرۆکەی ئازادی ژنان بیردەکەمەوە لەو شێوازەی کە دەمەوێ کاری لەسەر بکەم، کە ماڵەکە دەکەم بەقەفەزێکی زیندان لەناو هۆڵەکەدا قەفەزێکی گەورە دروست دەکەم وە لەناویدا کچەکانی (ئەلبای) تێدان وەگریمانی ئەوە دەکەم کە کچەکان کۆترن یان باڵندەن زیندانی کراون لەناو قەفەزەکەدا، بۆیە کاتێك قەفەزەکە دەشکێنن ئازاد دەبن، دەکرێ ئەو قەفەزە وا ببینین کە کۆمەڵگایە یان دەسەڵات کە نموونەیەکی (بەرناردا ئەلبا)یە، هەروەها کاتێك (ئاژەڵە شوشەییەکان)م بۆ شانۆ دەرهێنا دیسانەوە بیرم لەناوەرۆك کردەوە، چونکە ئەو کچانە هەست بەکەموکوڕی دەکەن، چونکە لەجیهان دورکەوتوونەتەوەو هیچ کەسێ نایەت بۆ خوازبێنیان ئەو بیرۆکە مرۆڤیە رایکێشام بۆ لای خۆی، پاشان بیر لەشێوازی وێنەی شانۆکەم کردەوە کە بگونجێ لەگەڵ ئەو خەونەمدا. ئەوەبوو هونەرمەندی کۆچکردوو (کاظم حیدر) نەخشەسازی دیکۆرەکەی بۆ کردم کە شتێکی زۆر گەورەو جوان بوو کە وەڵامی ئەو خەونەی دامەوەوە دیوارەکانی ناسك بوون لەماڵەکەداو رەهەندی جیاوازی هەبوو و لەدیمەنی کۆتاییدا لایەك لەدیوارەکە دەکرایەوە کە وەك و ئەوە وابوو لەخەوندابن.

***تۆ ماوەیەکی زۆرە لەشانۆدا کاردەکەی تەمەنت بۆ شانۆ تەرخان کردووە لەکاری تیۆری‌و پراکتیکی‌دا، ئایە ئەو چێژە چییە لەناو شانۆدا رات دەکێشێ بۆ لای خۆی؟**

–لەڕاستیدا سەرەتا بیرۆکەیەکی ئاسایی بوو کە شانۆ هۆکارێك بوو بۆ ئاراستەکردن‌و هۆشیاربوونەوە، بەڵام کە تێکەڵاوی کاری شانۆیی بووم‌و مەعریفەی شانۆیم زۆرتر بوو و بەشداری نواندن‌و دەرهێنانی شانۆیم کرد، هەستم کرد لەمێشك‌و ئەندێشەمدا چێژێکی نامۆ هەیە، چێژێك کە چۆن ئەو دەقە دەچێتە سەر شانۆ: چۆن ئەو ئەکتەرە دەچێتە سەر شانۆ!! چۆن بیر لەدیکۆر دەکەمەوە، چێژێك ئەو کاتەی لەسەر شانۆ دەوەستم‌و رۆڵی ئەو کەسایەتیانە دەبینم وەك (کریون‌و موتەنەبی) کەسایەتی کریون‌و کەسایەتی موتەنەبی‌و کەسایەتی (شالیر) هەست دەکەم ئەچمە ناو جیهانێکی تازەوە، هەست دەکەم لەجیهانێکی تردام‌و دورم دەخاتەوە لەواقع، واقعێکی پڕ لەکێشەو چەرمەسەری‌و ماندوویێتی ئەو کاتەی لەو کێشەو چەرمەسەرییانە دوور دەکەومەوە چێژێك دێتە ناومەوە دەچمە ناو جیهانێکی سیحری ترەوە، بڕوام پێ بکە ئەگەر ئەو چێژە ئەبوایە من نە دەمامەوە لەشانۆدا ئەو کاتە دووروودرێژە کە لەسەرەتای ساڵانی پەنجاوە هەتا ئێستا دەکات من پەیوەندیم هەیە بەکاری شانۆوە وەك دەرهێنەرو ئەکتەرو مامۆستای شانۆ لەزانکۆدا.

ئەم چێژە غەریبە ئەم سروتە (طقس) کە من لەو باوەڕەدام شانۆ لەپلەی یەکەمدا دەتخاتە ناو سروتێکەوە، ئەم سروتە لەوەوە سەرچاوە دەگرێ کە روح ئاسودە دەکات ئەم ئاسودەییە بەشێکە لەچێژ، بەشێکە لەوەی کە منی بۆ لای خۆی راکێشاوە هەتاوەکو بمێنمەوە لەکاری شانۆیدا.

***ئەگەر سەیری رابووردووی شانۆی عیراق بکەین ئەوا شانۆیەکی زیندوو بوو لەسەر ئاستی رۆژهەڵاتدا کە چەندین کاری جدی لەخۆگرتووە، ئایە لەئێستاشدا شانۆ لەعیراقدا هەمان قورسایی کارکردنی هەیە؟ یان ئێوە بەشێوازێکی تروو بۆچونێکی‌تر دەیبینین؟**

–بەڕاستی شانۆی عیراق نەگەڕاوەتەوە بۆ ئەو هەنگاوە پێشکەوتوانەی کە لەساڵانی رابوردوودا ناوێتی‌و من لەو باوەڕەدام کە لەسەرەتای کرانەوەی شانۆ دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای چلەکان کە بەشی نواندن لەپەیمانگای هونەرەجوانەکان لەسەر دەستی کۆچکردوو (حەقی شبلی) دامەزراو کە خوێندکاران وانەی شانۆیان تیا دەخوێندوو لێی فێربوون هەتا دامەزراندنی ئەکادمیەی هونەرەجوانەکان کە لەدوایدا

کرایەوە، شانۆ لەو کاتەدا هەنگاوێکی باشن، شانۆ نەکەوت هەتا سەرەتای هەشتاکان کاتی دەستپێکردنی جەنگی ئێران‌و عیراق (لم نێکس المسرح) جۆرێك لەشانۆ سەری هەڵدا کە (ئنتمای) پابەند نەبوو بەشانۆوە بەڵکو پابەندبوو بەناوی ترەوە وەك شانۆی بازرگانی (مسرح التجاری) ئەم شەپۆلە بەسەرچووە ئاستی نزما پەرەی سەند لەهەشتاکانەوە بۆ نەوەتەکان، بۆیە شانۆی راستەقینە داکەوت‌و لەگەڵ ئەو شانۆ ئاست نزمەدا داکەوتنێکی ناهاوسەنگ بوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا شانۆکارانی راستەقینە ئەوانەی بڕوایان بەپەیامی شانۆ هەبوو بەردەوام بوون لەکارەکانیاندا کە ئاستێکی بەرزی بیرو تەکنیکیان هەبووە، باشترین بەڵگەش بۆ ئەمە لەهەموو قۆناغەکاندا لەهەشتاکانەوە بۆ نەوەتەکانی شانۆی عیراقی کە بەشداری کردووە لەفێستیڤاڵە عەرەبیەکاندا ئاستێکی باشی هەبووەو خەڵاتی گەورەیان وەرگرتووە، بەڵام دەتوانین بڵێین ئەم داکەوتنە ناهاوسەنگ بوو لەنێوان شانۆی خراپ‌و شانۆیەك لەئاسێکی هونەری بەرزدا کە کەم ژمارە بوو کەم بینەربوو لەکاتێکدا شانۆی بازرگانی بینەرێکی زۆری هەبوو و زۆربەی بەشداربوانی بەرهەمەکان لەسەر ئاستی پاداشتی پارە بەشداری لەو شانۆ بازرگانیانەدا دەکرد، لەنەوەتەکاندا شانۆی بازرگانی تڕۆپکدا دەسەلاَتیش هاوکاری دەکردن، بۆ ئەوەی ئەو جۆرە کارانە بلاَوبێتەوە(...).

بەلاَم نەشی دەوت هاوکاری شانۆی جدی ناکەم لیژنەیەکی دروستکرد بەناوی (لیژنەی شانۆی عیراقی)و هاوکاری‌و پاڵپشتی شانۆی جدیشی کرد، بەلاَم هەر داکەوتنێکی خراپ بوو.

***بەلاَم ئایا ئێستا شانۆی عیراقی لەبێدەنگیدایە یان بەپێچەوانەوە لەچالاکیەکی زیندوودایە؟**

-شانۆ ئێستا ناتوانێ هەستێ بەچالاکییەکانی بەشێوەیەکی باش لەبەر بارودۆخی ئێستای عیراق بەغداددا باری ئاسایش تەواو نیە، کاتی نمایشکردنی شانۆییەکان گونجاو نییە بۆ نموونە نمایشکردنی شانۆی دەبێت لەئێواران‌و شەواندابێ نەك لەنیوەڕۆو بەیانیاندا کە لێرە دەیبینیت، چونکە بینەر لەپاش کارکردنی دێت بۆ نمایشی شانۆیی، بەلاَم ئەوەتا لێرە کە نمایشێك دەبێ لە(مسرح الوطني) لەبەیانیان، یان لەنیوەڕواندایە کە بێجگە لەهاوڕێکانیان‌و کەسانێکی تایبەت خەڵکیتر نایبینێ، شانۆ بەبێ بینەر شانۆ نییە، چونکە لایەنێکی گەورەی شانۆ بینەرە ئەوەتا دەبینین هاوکێشەیەك هەیە ئەویش (دەق+دەرهێنەر+ئەکتەر+تەکنیك کاران+بینەر) کە لایەنی گرنگی بینەرە بۆیە ناکرێ بڵێین لەئێستادا جوڵەیەك یان شانۆیەك لەعیراقدا هەیە، بەلاَم لەگەڵ ئەوەشدا کەسانێك هەن کاردەکەن بەتایبەت لاوەکان کە جێی سوپاسن بۆ خۆبەخشینیان بەشانۆ هەتا ئەو پەیوەندیە نەپچڕێ لەوەی کە لەڕابوردوودا روویداوە لەوەی کە لەئایندەدا دەبێت.

***مامۆستا سامی دەمەوێ پرسیارتان لێبکەم سەبارەت بەشانۆی کوردی، نازانم چەندە ئاگادارن لەو شانۆیە، بێگومان شانۆی کوردی لەسەرەتاکانیەوە هەڵقولاَوی شانۆی عەرەبییە، زۆربەی شانۆکارانمان لەژێر کاریگەری ئێوەمانندا بوون، ئایا ئێوە تا چەندە پێتان وایە کە شتێك هەبێ بەناوی شانۆی کوردییەوە چۆن دەڕواننە شانۆی کوردی‌و ئەزموونەکەی؟**

-ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ بنەمای شانۆی عیراقی ئێمە کە بنەمای مێژووی شانۆ عیراقمان نووسیوە لەسەدەی نۆزدەوە بیرمان لەشانۆی کوردیش کردۆتەوە کاتێك ئەو مێژووەمان نووسیوە.

من کە بنەمای مێژووی شانۆی عیراقیم نووسی لەسەدەی نۆزدەوە هەتا ئێستا بەدڵنیاییەوە بیرم لەشانۆی کوردیش کردەوە، گەڕام تا سەرچاوە پەیدا بکەم‌و لەهەندێ شوێندا ئاماژەی کەمم پێداوە لەبەرئەوەی سەرچاوەو نووسین زۆر زۆر کەمن کە لەبەردەستابن. خاڵێکیتر لەڕاستیدا لەبیرمان نەچێ زمانە

كە شانۆی كوردی بەهۆی زمانەكەیەوە دروست بووە ئەوەیە كە زمانی كوردییە زمانی عەرەبی نیە لەزۆربەی شانۆكارانی كوردی فێری زمانی شانۆی عەرەبی بوون، بەڵام ئێمە فێری زمانی كوردی نەبووین ئەویش بەهۆی هاتنیان بۆ پەیمانگای هونەرەجوانەكان و ئەكادیمیای هونەرەجوانەكانی بەغداد، كە دەبینین تەنانەت بەرهەمەكانیشیان بۆ پێكهێنانی شانۆی عەرەبی بوو نەك شانۆی كوردی، لەگەڵ ئەوەشدا بگەڕێیتەوە بۆ شتێكی‌تر ئەوەیە كە نوسەران شانۆ بەزمانی كوردی زۆر زۆر كەمن، بەڵام راستە كە كورد شاعیری ناسراوی هەیە كورد ناسراون و گرنگن لەشیعردا خاوەنی كتێبی زۆرن لەو بوارەدا، بەڵام كە دەگەڕێینەوە بۆ نووسەری شانۆی كەمە بەڵكو عەرەبیش لەعیراقدا نووسەری كەمی هەیە دەتوانرێ بەپەنجەكانی دەست بژمێرێت كە باسی نووسەر دەكەم باسی نووسەری راستەقینە دەكەم بەمانای ووشە ئەوەی بیرم بێتەوە (یوسف صائغ، عادل كاظم، محی‌الدین زەنگەنە، رشدی فارس، طه سالم، فاروق محمد) وابزانم هەر ئەوەنەیە ئەمانە چەند كەسن؟ لەدەكەس زیاترمان نیە، راستە كە چەندین نووسەر هەن و بابەتەكانیان چاپكردووە لەكتێبخانەكاندا بوونیان هەیە، بەڵام هیچ دەرهێنەرێكمان بۆ لای خۆیان رانەكێشاوە كاری تیا بكەن، ئەوەی بیرم بێتەوە شاعیر (خالد شواب) زۆر كاری شیعری شانۆی هەیە بەڵام هیچ دەرهێنەری بۆ لای خۆی رانەكێشاوە تا كاری تیا بكەن بۆ سەر تەختەی شانۆ ئەمەش هۆی زۆرە، قورسە پێشكەش بكرێت بودجەیەكی زۆری دەوێ كەسایەتی زۆرە..هتد، من بەردەوام دەڵێم ناوی شانۆ لەهەر وڵاتێك لەلای هەر نیشتمانێك لەلای هەر خێڵێك پەیوەندی هەیە بەنووسەرەوە، نووسەر داهێنەری یەكەمە لەپرۆسەی شانۆیدا، ئەگەر هەر گەلێك نووسەری نەبوو ئەوا شانۆی نییە.

***واتا تۆ لەشانۆدا باوەڕت بەتەنها بەدەقی شانۆییە؟ بۆ نموونە زۆر گروپ هەن كاری شانۆی دەكەن بەبێ بوونی دەق، بۆ نموونە گروپی رۆژ لەفەرەنسا؟**

–نەء.. نەء كێ دەڵێ بەبێ دەق كاردەكەن دەبێ دەقیان هەبێ، من نموونەت بۆ دەهێنمەوە گروپی شانۆی رۆژی (ناریان مینوشكین) شانۆییەكیان لەساڵی 1879 پێشكەش كرد سەبارەت بەشۆڕشی فەرەنسی ئەگەر ئرتجال بووایە كەس ئەو بەرهەمەی وەك خۆی نەدەبینی بەڵكو دەقێكی نوسراو بوو سەبارەت بەمێژوو شۆڕشی فەرەنسی.

***بەڵام ئەوان بەرهەمیان هەیە بەشێوەی ئرتجال دروست دەبێ؟**

–نەخێر وانیە یەكەمین كاریان كە دەستیان پێكرد (خەونی شەوی هاوین)ی شكسبیریان نمایش كرد، بەڵام راستە تەكنیكیان ئرتجالە، شانۆی ئەزموونی هەمووی لەسەر ئرتجال كاردەكەن، بەڵام سەرچاوەیەكی دەقی ئامادەبوویان هەیە، من نموونەیەكی یەكێك لەنمایشەكانی (یوژینو باربا)ت بۆ دەهێنمەوە (روفات برخت تنین) یەكێك لەكارە گرنگەكانی (باربا)یە، (باربا) دەیەوێ لەڕێی ئرتجالەوە داوا دەكات لەگروپەكەی لەڕێی ئرتجالەوە كارێكی شانۆی بكات لەسەر ژیانی (برخت) كە ئاوارەبووە و لەئەڵمانیاوە كۆچی كردووە بۆ شوێنی‌تر، وە چووە بۆ لای خێزانەكەی تا هەندێ زانیاری كۆبكاتەوە، خێزانەكەشی پێی وتووە من هیچ زانیاریەكتان نادەمێ بەبێ بەرامبەر گروپی شانۆی (ئۆدن) هەژارن لەڕووی مادییەوە، نەیان توانیووە ئەو داوایە جێبەجێ بكەن ناچار گەڕاون بەناو دەقەكانیا لەئەنجامی خوێندنەوەی دەقەكانیەوە ژیانی (برخت) یان دۆزیوەتەوە (برخت)یان دۆزیوەتەوە وەك (كۆچكردن، دورخستنەوەی نامۆبوون، ململانێی چینایەتی) بەشەكانی تری ژیانی لەوێوە نمایشێكیان پێك هێنا، وا هەست دەكەی كە ئرتجالە، بەڵام رەگەكەی دەقە،

ئەمە لەڕووی نووسەرەوە. تەنانەت ئەکتەری پانتومایم‌و شانۆی بێ دیالۆکیش دەقیان هەیە، دەق لەناو مێشکیاندا هەیە، بەرلەوەی هیچ جولەیەك بەرجەستە بکەن لەسەر شانۆ، دەقەکە لەناو مێشکیاندا نوسراوەتەوە، لەمێشکەوە دەیگوازنەوە بۆ جەستە.

***ئێمە پێشتر قسەمان لەسەر دروستبوونی شانۆ لەناوچەکاندا کرد یاخود بابڵێین جیاوازی شانۆ لەناو کەلتورەکاندا، بەڵام بۆچوونی گشتی ئەوەیە کە شانۆ خاوەنی یەك نەتەوەو یەك کەلتور نیە بەڵکو شانۆ زمانێکی گەردوونی هەیە؟**

—بەشێك لەدەرهێنەرەکان گرنگی دەدەن بە(ئیمائە) ئیمائەی بینراو ئیمائەی بیستراو، بەو پێیەی ئیمائە زمانێکی هاوبەشە، ئیمائەو ئاماژەو جوڵەی سادە لەناو هەندێك لەگەلاندا وەك‌و یەك بوونیان هەیە بەڵام ئەمە قەبارەو فراوانی دەبێ چەند بێت؟ زۆر نیە لەوانەیە لەنێو چەند کارێکی کەمی شانۆیدا هەبێت بۆیە ناکرێ من ئەم حاڵەتە بچەسپێنم بەسەر جیهاندا، بەڵام دەتوانم بڵێم ئەو شتە هاوبەشە چییە کە بوونی هەیە ئەویش بابەتە بۆ نموونە دەبینین لەناو هەموو گەلانی جیهاندا (ململانێی سودمەندو زەرەرمەندا دەبینین ململانێ لەنێوان خاوەن کارو کرێکاردا لەنێوان ئەوانەی داوای ئازادی دەکەن‌و ئەوانەی مافی ئازادی پێشێل دەکەن، ئەم حاڵەتانەیە کە لەنێوان هەموو گەلاندا بەجۆرێك لەجۆرەکان خاڵی هاوبەشیان هەیە بەیەکەوە، لەوانەیە (شکسپیر) ئەو بابەتە بنوسێ‌و نووسەرێکی عیراقیش هەمان بابەت بنوسێ، بۆیە من دەڵێم شانۆ هونەرێکی گەردونیە بۆ یەناکرێ هونەری شانۆ گەمارۆ بدرێ بۆ گەلێك. بەڵگەش بۆ ئەمە ئێمە دەقەکانمان تەکنیکەکانمان ئاڵوگۆڕ دەکەین زۆر لەنووسەران لە(الف لیله ولیله) "هەزارویەك شەوە" بیرۆکە وەردەگرن.

***بەڵام هاوکات لەگەڵ ئەو حاڵەتانەی کە تۆ باسی دەکەی بۆچوونی پێچەوانەش هەیە بۆ نموونە هەمیشە دەوترێت شکسپیری ئینگلیزی (سامی عبدالحمیدی عیراقی ئەبسنی نەرویجی هەموو نووسەرەکان بەوڵاتی خۆیان دەناسرێنەوە چونکە ناکرێ بەشکسپیر بڵێی نووسەری فەرەنسی‌و هۆڵەندی؟**

—وایە ئەگەر دەڵێیت شانۆی ئینگلیزی یەکسەر دەچنە لای شکسپیر هەر کە باسی شانۆی ئەڵمانی دەکەین یەکسەر دەچینە لای گۆتە یان بریخت یان ئەگەر باسی شانۆی نەرویجی دەکەیت ئەوا یەکسەر (ئەپسن) دێتە خەیاڵمان بەڵام لێرەدا ئەوەندەی نووسەران دێنە بەرچاومان ناچینە لای دەرهێنەرەکان، لەپێشدا نووسەرەکانن، بەڵام ئەوەندەی دەگەڕێینەوە بۆ لای نووسەرەکان ئەوەندە ناگەڕێنەوە بۆ لای دەرهێنەرەکان، یەکەم جار نووسەرەکانن، چونکە ئەوانن یەکەم کەس کە دەبنە ڕەنگدانەوەی گەلەکەیان لەڕێی نووسینەکانیانەوە پاشان دەرهێنەر دێت‌و بەرجەستەی کارەکە دەکات، بۆ نموونە شانۆی روسی سەرەتا بە(چیخۆف‌و گۆرگی‌و سایکوفسکی) دەست پێ‌دەکات پاشان ستانسلافسکی‌و مایرخولد)و دەرهێنەرەکانی‌تر ناویان دێت.

***ئەمە خاڵێکی جەوهەرییە کە دەکرێ قسەی لێ بکەین بۆچی نووسەرەکان پێش دەرهێنەرەکان ناویان دێ ئەگەر دەرهێنەرەکان ناویشیان مابێتەوە، بەڵام ئەکتەرەکان هەرچەندە بەردەوام لەبەرچاون کەچی وەك مێژوو زۆر کەم ناوی ئەکتەر دەبسترێت؟**

—دەچین بۆ لای دەق چونکە ئەو نووسراوەو دەگوازرێتەوەو بڵاودەبێتەوە، ئەکتەر.. ئەکتەری عیراقی ناتوانرێ بگوێزرێتەوە بۆ هەموو شوێنێك‌و لەگەڵ ئەوەشدا ئەکتەر هەیە دەتوانێ بگاتە هەموو شوێنێك وەك ئەکتەری (سینەماو تەلەفزیۆن) بەڵام ئەمیش نەك هەموو ئەکتەرێك لەهەموو شوێنێکی دونیاوە، ئایا ئێستا ئێمە ئەکتەری بولگاری دەناسین بێگومان نەخێر لەگەڵ ئەوەشدا لەوانەیە ئەکتەری گەورەیان تێدا هەبێت کە

ئێمە نەیان ناسین‌و نەیان توانیووە ناوبانگ دەربکەن وەکو (لورانس ئولیڤیەو روبرد دنییرو..هتد) یان دەتوانین نمونەیەکی تری زیندوو بهێنینەوە ئەویش (سیزلاک)کەی ئەکتەری گروتوفسکی بوو رەخنەگرەکان پێیان وایە گەورەترین ئەکتەری جیهانە بەلاّم کێ دەیناسێ کەس نایناسێ، بەلاّم هەمووان (یۆجینۆ ئۆنیل) دەناسین.

***دەکرێ بڵێین شانۆ لەجیهاندا لەگۆشەگیردایە لەکاتێکدا سینەما لەوپەڕی کرانەوەدایە لەبەردەم جیهاندا؟**

–راستە شانۆ لەگۆشەگیردایە چونکە شانۆ بۆ بینەرێکی فراوان نیە، بەلاّم سینەماو تەلەفزیۆن بۆ بینەرە، گروتوفسکی دەڵێ (شانۆگەر دەیەوێ بەزیندوویی بمێنێتەوە پێویستە تەکنیك‌و بابەتی سینەماو تەلەفزیۆن بەکارنەهێنێ‌و نەیگرێتەوە خۆی)، لەبەرئەوەی سینەماو تەلەفزیۆن هەر بابەتێکی ژیان یان هەر شتێکی‌تر کار بکات دەتوانێ باشتر لەشانۆ جێبەجێ بکات‌و بڕواشی پێ بێنێ، بەلاّم شانۆ بەو جۆرە نیە کە پەیوەست بێ بەژیانەوە بەشێوازێکی دوورودرێژ بەڵکو بابەتەکان کورت دەکاتەوە لەشانۆدا ئەپستراك هەیە، بابەتەکانی بابەتی ناومالّ ژیانی سادەو رۆتین نیە بەڵکو بابەتی قوڵترە کاتێك بینەر ئەوە لەسینەماو تەلەفزیۆندا نایبینێ دەچێت بۆ شانۆ تا بیبینێ گەر لەبینەر پرسیار بکەی پێت دەڵێ ئەوەی کە لەشانۆدا بینم تەواو جیاوازە لەفیلمێکی سینەمایی دەبینین قسەکەی (گروتوفسکی) چەند قسەیەکی راستە.

***لەدونیای ئەمڕۆی شانۆدا دەبینین بینەری شانۆی کەمبۆتەوە کە وەك‌و جاران نیە خەڵکی روو لەهۆڵەکان بکەن‌و دۆستێکی نزیکی شانۆبن؟**

–من دەڵێم بینەری شانۆ وەك خۆی ماوەتەوە بینەری شانۆ نەگۆڕاوە رەنگە لەووڵاتێك بۆ وڵاتێکی‌تر کەم‌و زۆری کردبێ لەساڵێکەوە بۆ ساڵێکی‌تر بەلاّم بینەری شانۆ دەمێنێتەوە ئەوەی بینەری شانۆ بێت هەمیشە هەر بینەری شانۆ دەبێت، کاتێك سینەما سەری هەڵدا بینەری شانۆ گۆڕانی بەسەردا نەهات، کاتێك سینەما سەری هەڵدا وتیان چی‌تر شانۆ بینەری نامێنێ کەچی دەبینین خاوەنی بینەری خۆیەتی کە تەلەفزیۆن هات چووە هەموو ماڵەکانەوەو دیسان وتیان تەواو خەڵکی لەناو ماڵەکانی خۆیدا دادەنیشێ‌و چی‌تر ناچنە ناو هۆڵەکان بۆ بینینی شانۆ، بەلاّم بینەری شانۆ هەروەکو خۆی مایەوە کاتێك کۆمپیوتەرو ئەنتەرنێت سەری هەڵدا بەهەمان شێوە، بەلاّم بینەری شانۆ هەر بوونیان هەیە.

***هەست ناکەی هی ئەوە بێت کە گوتاری شانۆ گوتارێکی راستەوخۆیە؟**

–ئەمە بهێنیکی خودی شانۆ خۆیەتی کە راستەوخۆ لەگەڵ بینەردا دەدوێ ئەکتەر بەدەنگ‌و جەستەی لەبەردەم بینەردایە نەك بەوێنە ئەمەیە وا دەکات کە بینەر لەناو شانۆدا بمێهێنێتەوە بینەرێکی دیاری‌کراو کە چێژ لەشانۆ دەبینێ‌و ئارەزووی دەکات، هەروەکو کارێکی سەمفۆنی کە دەکرێ گوێی لێبگری بەتەسجیل یان بەسی‌دی بەلاّم وەك ئەوە نیە کە بچیت لەهۆڵێکداو لەبەردەم ئامێرژەنەکاندا گوێ بگری کە راستەوخۆ جوڵەی دەستیان‌و هەستیان هەست پێ‌دەکەیت.

***بەلاّم داهێنان لەسینەمادا فراوانترەو زوو دەکەوێتە بەرچاو بەلاّم داهێنان لەشانۆدا کەمتر دەبینرێت وەك ئەدەب‌و سینەماو موزیك نیە؟**

–نا.. نا.. من پێت دەڵێم وانیە، داهێنان لەشانۆدا جیاوازە، شێوازی داهێنان جیاوازە، لەسینەماو تەلەفزیۆندا داهێنان پشت بەتەکنەلۆجیا دەبەستێ، بەلاّم شانۆ پشت بەئەکتەری زیندوو دەبەستێ گرنگی

نادا بەتەکنەلۆجیا. راستە هەندێ لەدەرهێنەرەکان پشت بەتەکنەلۆجیا دەبەستن. بسکاتۆرو بریختو چەند دەرهێنەرێکی‌تر سینەمایان لەکارەکانیاندا بەکاردەهێنن.

بەڵام لەئێستادا زۆربەی دەرهێنەرە ئەزموونگەرەکان پشت بەئەکتەرو پرۆسەکانی تری نمایشی شانۆیی دەبەستن، کە ئەکتەر تێیدا داهێنەری سەرەکی شانۆیە، راستە کە سنوری تەکنەلۆجیا فراوانترە لەسنوری ئەکتەر هیچ شتێکی نیە بێجگە لەدەنگو جەستەی کە گوزارشتی پیێدەکات بەڵام تا چەندە دەتوانێ لەرێی دەنگو جەستەیەوە ماناو ئامارژەکان بگەیەنێ، ئەمەیە کە جیاوازی دروست دەکات لەنێوان ئەکتەرێك بۆ ئەکتەرێکی‌تر، لەگەڵ ئەوەشدا راستە کە داهێنان لەشانۆدا بەرتەسکەو لەسینەمادا فراوانترە بەهۆی تەکنەلۆجیاوە.

***کاتێك ئەو راستیە دەزانی کە سینەماو تەلەفزیۆن داهێنان تیایدا فراوانترە لەشانۆ بڕیارت نەداوە شانۆ بەجێ بهێڵی‌و بچیتە ناو دونیای سینەماو تەلەفزیۆنەوە؟**

–من لەشانۆدا دەمێنمەوە چونکە چێژی من لەشانۆدایە، کاتێك لەسینەما یان لەتەلەفزیۆندا کاردەکەم هیچ چێژێك نابینم بەڵکو بێزاردەبم، لەگەڵ ئەوەی ئێستا من لەزنجیرە تەلەفزیۆنیەکدا کاردەکەم بەڵام هەست بەبێزاری‌و بێ تاقەتی دەکەم بۆیە ئەو کارە دەکەم تا بتوانم لەگۆڕەپانی هونەردا بمێنمەوە من چێژی گەورە لەوە دەبینم کە لەگەڵ شانۆکاران‌و ئەکتەرەکان دابنیشم گفتوگۆ لەسەر دەق‌و جوڵەو دیکۆر بکەم، ئەمانە هەمووی چێژن بۆ من.

**کورتەیەك لەژیانی هونەرمەند سامی عەبدولحەمید:**

*سامی عەبدولحەمید ساڵی 1928 لەسەماوە لەدایك بووە.

*ساڵی 1950 ماستەری لەیاسادا وەرگرتووە.

*ساڵی 1955 پەیمانگەی هونەرەجوانەکان بەشی شانۆی تەواوکردووە.

*ساڵی 1963 ئەکادیمیای پادشایەتی هونەری درامای لەلەندەن تەواوکردووە.

*ساڵی 1976 ماستەری لەزانستی شانۆدا لەزانکۆی (ئۆرگیۆن) لەئەمریکا وەرگرتووە.

*ساڵی 2004 لەزانکۆی بەغدا دکتۆرای لەشانۆدا وەرگرتووە.

*ئێستا مامۆستای زانستی شانۆیە لەئەکادیمیای هونەرەجوانەکانی بەغداد.

*تا ساڵی 1987 سەرۆکی یەکێتی شانۆکارانی عەرەب بوو.

*خاوەنی چەندین کتێبی دانسقەیە لەسەر هونەرەکانی شانۆو جگە لەوەرگێڕانی ژمارەیەکی زۆر لەدەقی شانۆیی جیهانی.